# کارێز دەریایی و هونەری وشەلەوشەدان

بیلال ئەمینی




۱۸ی شوباتی ۲۰۲۵ وتار

**(۱)**

ئەم وتارە لەسەری شیعری "یوونس ڕەزای'یە. لەم وتارەدا باسی کتێبی "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" دەکەین و شیعری یەکەمی دەخوێنینەوە.

شیعری یەکەمی ئەو کتێبە ناوی "سەردێڕی یەکەمی شیعرێکی خوێناوی بە پەیڤی دارەبەن"ە. ئەو شیعرە شیعرێکی درێژە و شەش لاپەڕەی داگرتووە. سەد و سی و سێ

خشتەیە. دەبێت شیعرەکە بەسەر چەند یەکەی بچووکتردا دابەش بکەین تا بکرێت تاوتوێی بکەین.

ئەمە سێ خشتەی سەرەتای شیعرەکەیە:

ئەگەر پێکەنین یانی ئەو شیعرە سڵاو بە تۆدا دەچێنێ

من شان بە شانی کازیوە ئاسۆم

پێ بە پێی میوە تا گەیشتن...

با بپرسین خشتەی یەکەم لە چی دروست بووە؟ لە خشتەی یەکەمدا "ئەو شیعرە"مان هەیە کە بووە بە کەس و خەریکە کارێک دەکات. لێرەدا ئیمازێک هەیە. لە شیعردا تا خوا حەز بکات شتەکان بە کەس کراون. ئێستا بپرسین "ئەو شیعرە" کە بە کەس کراوە، چ کارێکی مرۆڤانە ئەنجام دەدات؟ وەڵامەکەی ئەوەیە؛ ئەو شیعرە خەریکە شتێک دەچێنێت. شیعرێک خەریکە شتێک دەچێنێت. تا ئێرە ئیمازێکی ئاساییمان هەیە. مەبەستم ئیمازێکە کە جوانیی نییە. قۆناغێ تر کە بچینە پێش دەپرسین: ئەو شیعرە چی دەچێنێت؟ وەڵامەکەی دەبێت بە "سڵاو". لێرەدا ئیمازەکە ئاڵۆز دەبێت. ئیمازەکە لە ئیمازێکی سادەی یەکڕەهەندەوە، دەگۆڕدرێت بۆ ئیمازێکی ئاڵۆز. ئەگەر شاعیر بیگوتایە: ئەو شیعرە گەنم دەچێنێت، فەرقی هەبوو لەگەڵ ئەوەی بڵێت ئەو شیعرە سڵاو دەچێنێت. لێرەدا لادان و ئیماژ دروستکردنەکە دووقات بووەتەوە. هەم شیعر بووە بە جووتیار، هەمیش "سڵاو" بووە بە دەغڵودان .

دروستکردنی ئیمازی لەو جۆرەی سەرەوە دەتوانێت فەرقێکی شیعری یوونسی- ڕەزایی بێت لەگەڵ شیعری زۆربەی شاعیرانی تر. ناڵێم هەموو، دەڵێم "زۆربە". ئەگەری زۆرە خوێنەر هێندە ئەم جۆرە ئیماژەی نەبینیبێت نامۆ بێت بۆی.

بێینەوە سەر خشتەکە: لادان هەر بەو دوو شتەی ئاماژەم پێدا، تەواو نابێت. بپرسین: شیعر خەریکە سڵاو لە کوێدا بچێنێت؟ وەڵامەکەی دەبێت بە لە "بە تۆدا"دا. لێرەشدا هەمتر ئاڵۆزکردنی ئیماژەکە دەبینین. یانی بە جێی ئەوەی لە شوێنێکی ئاساییدا بچێنرێت، بۆ نموونە لە کێڵگەدا یان لە "تۆدا" لە "بە تۆدا" دەچێنرێت. ئاڵۆزیی ئیماژەکە بەوە تەواو نابێت و لایەنێکی تری هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کۆی ئەو شتەی باسم کرد یانی پێکەنین. "ئەو شیعرەی سڵاو بە تۆدا دەچێنێت"، "یانی پێکەنین". هەمتر ئیماژەکە ئاڵۆز دەکرێت. ئیماژێک دروست دەبێت کە خۆی چەندین ئیماژی تێدایە .

شرۆڤەی ئەو خشتەیە زۆر بە کاری وتارەکەمان دێت؛ چوون شیعرەکە پڕە لە ئیماژی لەو جۆرە. ئێستا کاتی ئەوەیە بپرسین ئەم ئاڵۆزکردنی ئیماژە کارێکی هونەرمەندانە و جوانە؟ گەلۆ چێژ دروست دەکات؟ گەلۆ کارێکە وردەکاری و لێزانینی گەرەک؟ وەڵامەکەی نەخێرە.

ئەنجامدانی ئەو کارە لە سادەترین و سووکترین کارەکانە. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە تەنیا پێویستە وشەی زیاتر لەیەک بدەیت .

کاتێک شیعرەکە تەواو بخوێنیتەوە خوێنەر تێ دەگات، ئەو شیعرە خاوەنی یەکێتی نییە. ئەگەر چێژێک هەبێت، خوێنەر دەبێت ئەو چێژە لە دانە بە دانەی خشتەکاندا ببینێت، نەک لە کۆکردنەوەی تەواوی خشتەکاندا. کۆکردنەوەی تەواوی خشتەکان خوێنەر بە هیچ مانایەک ناگەیەنێت.

شتێک کە گرنگە خوێنەر بیزانێت ئەمەیە؛ ئیماژ تەنیا لە حاڵەتی سادەبووندا دەتوانێت ڕوونکەرەوە بێت و شتێک بڵێت. کە ئیماژ بوو بە وشەلەوشەدان و پێوەلکاندن، پێی ناکرێت مانا بگوێزێتەوە.

با بە نموونەیەک ڕوونتری بکەمەوە. شاملوو دەڵێت:

نازلی مرغ سکوت

جوجه مرگی فجیع را در آشیان به بیضه نشسته است.

لەم ئیمــــاژەدا دەنـــگ نەکــــردن و نەدرکانــــدنی نهێنــــیی حــــیزبی لە ژێــــر ئەشــــکەنجەدا، چوێنـــدراوە بە کـــڕکەوتنی مریشـــکێک لەســـەر هـــێلکە. ئیمـــاژەکە بـــێجگە جـــوانی، بەشـــێکە لە گشـــتێتییەک و مانـــایەک دەگەیەنێـــت. بابەتێـــک ڕوون دەکـــاتەوە. ئەم ئیمـــاژە ئەگەر لە ســـادەیی بیخەیـــت و بەردەوام شـــتی پێـــوە بلکێنیـــت؛ ناتوانێـــت مانـــایەک بگـــوێزێتەوە. ناتوانێت، بابەتێک بە شێوەی هونەری بخاتە ڕوو .

بـــۆ نمـــوونە ئەگەر بڵێـــین "نـــازلی مـــرغ ســـکوت خنـــده کنـــان در چمـــنزار آفتـــاب، شـــکنجە چینە می‌کند"؛ ئەوکاتە هیچ مانایەکی پێ ناگوێزرێتەوە.

جـــارێکی تـــر حـــوکمەکەی ســـەرەوە دەهێـــنمەوە: ئیمـــاژکە ئـــاڵۆز بـــوو، ناتوانێـــت مانـــایەک بگوێزێتەوە .

کاتێـــک شـــیعرەکەی یـــوونس ڕەزایی دەخـــوێنیتەوە؛ دەبیـــنی پـــڕە لەو ئیمـــاژانەی کە گـــوتم پێیـــان ناکرێـــت مانـــایەک و پەیامێـــک بگـــوێزنەوە. ئەمە واتـــا شـــیعرەکەی "ی.ڕ" خـــاوەنی گشتێتی و یەکێتی و مانا و پەیام نییە .

نەبـــوونی گشـــتێتی و مانـــا و پەیـــام لە شـــیعرێکدا بە مانـــای خوێنـــدنی فاتیحـــای ئەو شـــیعرە نیـــیە. نەبـــوونی یەکێـــتی و مانـــا بە مانـــای شـــیعرنەبوون نیـــیە. تەنیـــا مانـــای ئەوە دەدات کە ئەگەر شــــیعرایەتییەک هەبێــــت؛ دەبێــــت خــــوێنەر ئەو شــــیعرایەتییە لە دانە بە دانەی خشتە و دێڕەکاندا ببینێت نەک لە خستنەپاڵی ئەو خشتە و دێڕانەدا.

تـــا ئـــێرە کێشـــەیەکمان لە مـــل بـــووەتەوە. ئەویـــش ئەوەیـــە بە شـــوێن مانـــا و یەکێـــتی ئەو شـــیعرەدا نـــاچین. تەنیـــا بـــاسی جوانبـــوون یـــان نەبـــوونی ئیمـــاژی نـــاو پاژەکـــان دەکەیـــن. لـــێرەدا کەوانێـــک بکەیـــنەوە و دوو شـــت ڕوون بکەیـــنەوە. دوای کەوانەکە دێـــنەوە ســـەر درێـــژەی قســـەکانمان. یەکەم، لێکـــدراوگەلی "ئیمـــاژی ســـادە" و "ئیمـــاژی ئـــاڵۆز" دروســـتکراوی

خۆمە بۆ تێگەیاندنی خوێنەر. مەبەستم لە ئیماژی ئاڵۆز، ئیماژێکە کە چەندین ئیماژی پێکەوەلکاوی تێدایە. وەک "ئەو شیعرەی سڵاو بە تۆدا دەچێنێ" کە بوون بە جووتیاری شیعر و بوون بە دەغڵی سڵاو و بوون بە کێڵگەی "بە تۆدا"ی تێدابوو. دەبێت ئەم ئیماژە ئاڵۆزە؛ لەگەڵ جۆرێک ئیماژی تر کە ڕەنگە ئەویش بە ئاڵۆز ناو ببرێت، تێکەڵ نەکرێت. سەیری ئەم دێڕەی نالی بکەن:

هەناسەم زوڵفەکەی لادا و نیگایەکی نەکرد چاوی

نەسیم ئەنگووت و شەو ڕابرد و نەرگس هەر لە خەودایە

لەو دێڕەشدا ئیماژێکی ئاڵۆز هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی "ی.ڕ"دا فەرق هەیە. لێرەدا ئیماژێک هەیە کە هەناسە لە بەرانبەر نەسیم، زوڵف لە بەرانبەر شەو و نێرگس لە بەرانبەر چاودا دەوەستێت. ئەمیش چەندین پاژی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوی تر ئەم جیاوازییانەی هەیە:

یەکەکانی پەیوەندیی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە و پاژەکانی بە زۆر بە یەکەوە نەلکێنراون. پاژەکانی دەتوانن کۆیەکی یەکگرتوو دروست بکەن و مانا بگوێزنەوە.

خاڵی دووهەم کە گەرەکم بوو لەم کەوانەدا بۆ خوێنەری ڕوون بکەمەوە؛ نیشاندانی جیاوازیی دوو جۆرە شیعرە کە یەکێکیان شیعرایەتییەکەی لەسەر یەکێتی و گشتایەتیی شیعرەکە دامەزراوە و یەکێکیان شیعرایەتییەکەی لەسەر جوانیی پاژەکانی وەستاوە، نەک پەیوەندیی نێوان پاژەکانی. بۆ هەر یەکێکیان نموونەیەک دەهێنمەوە تا خوێنەر تێ بگات. نموونەیەک بۆ شیعرێک کە جوانییەکەی لەسەر کۆی شیعرەکە و یەکێتییەکەی دامەزراوە ئەم شیعرەی شێخ ڕەزایە:

شێخ کە هامسوحبەتی شامار و نەدیمی حەمە بێ

شێخ کە دۆستی مچە ڕێژاوی و ئەحمەد جەمە بێ

شێخ کە لەبەر جەلبی دڵی ئایشە کوڕانی ژنەکەی

شیر بکێشێت و لە ڕووی والیدە دەستەوقەمە بێ

شێخ کە قودسیەتی پیرانی تەریقەت لە کنی

هەموو ئەفسانە و ئەفسوون، هەموو گاڵتە و گەمە بێ

شێخ کە گەوادی وەکوو خادیمی سوججادە لە لای

سەییدی حوڕ لە سولالەی عەلی و فاتمە بێ

شێخ کە قەسری حەرەمی گەییە مەقاماتی ئەعللا

سەر بڵند کات و بڵێ، شێخ ئەمە و قەسر ئەمە بێ

شێخ ئەوا گۆی هونەری بردەوە، کەشکەک سەڵاوات

شێخ ئەوا جێی پدەری گرتەوە، دەستی بەمە بێ

لە خوێنـدنەوەی ئەو شـیعرەدا تـا دێـڕی کۆتـایی نەخـوێنیتەوە ناگەیـت بە جـوانی و چـێژی شـیعرەکە. کە دێـڕی کۆتاییشـت خوێنـدەوە نـاتوانی بڵـێی جـوانیی شـیعرەکە تەنیـا پەیوەندی بە یەک دێڕەوە هەبوو و دێڕەکانی تر بێبایەخ بوون.

نمـوونە بـۆ شـیعرێک کە شـیعرایەتییەکەی ـ زۆرتـر ـ لەسـەر دێـڕ و پاژەکـانی وەسـتاوە، نەک کۆی شیعرەکە:

گوڵبنی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی کردووە

غونچە بەم شیرینییە قەت نەی شەکەر نەیکردووە

نەخلی باڵات نەوبەرە، تازە شکۆفەی کردووە

تۆ کە بۆی شیرت لە دەم دێ، ئەم مەمەت کەی کردووە !

قامەتت نەخلە، بە شیری، فائیقەی پەی کردووە

نەحلی بێ نێشی مەمەت شەهدی سپی قەی کردووە

نەخل و روممان پێکەوەن، یا باغەبان وەی کردووە

سەروی هێناوە لە سێب و بەی موتور بەی کردووە !

بۆ مەمك نالی چ مندالە وەی وەی کردووە

گەرچی مووی وەك شیرە، بەو شیرە شکۆفەی کردووە

خۆش بە هەردوو دەست و دەم گرتوویە ئۆخەی کردووە

کیزب و توهمەت، ئیفتیرا و بوهتان کە تۆبەی کردووە.

لە خوێندنەوەی ئەم شیعرەدا جوانی و چێژ و شیعرایەتی؛ لە دانە بە دانەی دێڕەکاندایە نەک لە کۆی شیعرەکەدا. هەرچەند شیعرەکە یەکێتییەکی تەنکیشی هەیە. یەکێتییەک کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە هەموو دێڕەکان یەک کێش و سەروایان هەیە و هەموویان باسی مەمک دەکەن.

دێینەوە سەر شیعرەکەی "ی.ڕ". تا ئێرە خوێنەر دەزانێت ئیماژی ئاڵۆز لە جۆری یوونسی چییە. با خوێنەر لەگەڵ پێوەلکاندنیش ئاشنا ببێت. سەیری خشتەی دووهەم بکەنەوە:

شان بە شانی کازیوە

ئیماژێکی سادەیە. بە زیادکردنی "ئاسۆم" دەبێت بە ئیماژێکی ئاڵۆزی یوونسی.

پێوەلکانــدن بەو جــۆرەی ئــێمە لــێرەدا مەبەســتمانە؛ خســتنی پــاژێکە لەســەر ئیماژێــک کە وای لێ بکــات نەتوانێــت مانــایەک بگــوێزێتەوە. ئەمە بەوە دەبێــت کە ئەو دوو ئیمــاژەی لێک دەدرێـن، نەتـوانن بـبن بە کـۆیەکی یەکگرتـوو. لە دێـڕی "مـن شـان بە شـانی کـازیوە ئاسـۆم"دا؛ "شـان بە شـانی کـازیوە" و "ئاسـۆبوون"ی کەسـێک نـاتوانن کـۆیەک دروسـت بکەن.

با نموونەیەک بهێنمەوە تا تێ بگەن. ماردین ئیبراهیم دەڵێت:

عاسیبوونی کلیلەکانی ئەشق من لە کیلۆنەکانی دوودڵی تۆدا

وەک دەبیــنن ئیمــاژی کلــیلی ئەشــق هەیە و ئیمــاژی کیلــۆنی دوودڵی. ئەمــانە کە لێــک دەدرێــن تــێکەڵ دەبــن و دەبــن بە ئیمــاژێکی گەورەتــر. بەڵام لە "شــان بە شــانی کــازیوە ئاسۆم"دا دوو لایەنەکە تێکەڵ نابن.

لە ســەرەوەدا لێکــدراوی "ئیمــاژیی گەورە"م بەکــار هێنــا، باشــترە بە ئیمــاژی نالیــایی بڵێــین: "ئیماژی گەورە" یان "بڵاو."

دێڕی سێهەمی شیعرەکەی "ی.ڕ" ئەمەیە:

پێ بە پێی میوە تا گەیشتن.

دەکرێـت لە خشـتەبەندیی شـیعرەکە بگەیـن بە "مـن پێ بە پـێی میـوە تـا گەیشـتن ئاسـۆم". ئەم دێڕیشــە نمــوونەی ئیمــاژی ئــاڵۆزی نــائەدەبی و نــاهونەرییە. ئەو دێــڕە شــیعرایەتییەکی بچــووکی تێــدایە شــیعرایەتی کە دۆزیــنەوەی لە شــیعری "ی.ڕ"دا شــتێکی ســەیرە! لەو دێــڕەدا جــوانییەک بە وشــەی "گەیشــتن" داهێــنراوە. "گەیشــتن" بە جۆرێــک دانــراوە کە

هاوکات "گەیشتنە جێ" و "پێ گەیشتن" بە زەیندا دەهێنێت. ئەو جۆرە یارییە ئەدەبییە لە شیعری "ی.ڕ"دا کەم دەست دەکەوێت.

چوار دێڕی دوای ئەو بڕگەیەی تاوتوێمان کرد، ئەمەیە :

من پێ بە پێی میوە دارێکی ڕاوەستاو

کە دڵۆپێک عیشقی ئاورین و

قامووسێک پیت بە پیت

ماچێک نەبێ مەگەر

دێڕی چوارەم لە جۆری خشتی دووهەمە. ئەو دێڕیشە شیعرایەتییەکی لە دەرەوەی ئیماژ، تێدایە کە زۆر تەنکە و ناگات بە "پێ بەپێی میوە تا گەیشتن". ئەو شیعرایەتییەش لە "پێ بە پێی ڕاوەستان"دایە.

"پێ بە پێ" بۆ ڕۆیشتن بەکار دەچێت؛ "ی.ڕ" داویەتیە پاڵی "دارێکی ڕاوەستاو"، ئەمە پارادۆکسێکی بێبایەخی تێدایە. ئەم پارادۆکسەیش لە دەرەوەی ئەو چاوەڕوانییەیە لە شیعری "ی.ڕ" هەیە.

دێڕی پێنجەم "کە دڵۆپێک عیشقی ئاورین و" بۆ خۆی بە تەنیا ئیماژێکی ئاڵۆز و بێمانا. "دڵۆپێک عیشق" لە خۆتەن ئیماژێکی سادەیە، کاتێک دەدرێت لە "دڵۆپی ئاورین" یان "عیشقی ئاورین" کە ئەویش ئیماژێکی سادەیە. دەرئەنجامەکەی دەبێت بە ئیماژێکی ئاڵۆز و بێمانا. خۆ ئەگەر لە کۆی بەندەکەدا سەیری بکەین، ئاڵۆزتر دەبێت. ئەگەر بیکەین بە "من پێ بە پێی دارێکی ڕاوەستاو، دڵۆپێک عیشقی ئاورینم". بێماناتر و ئاڵۆزتر دەبێت.

هەڵەی بنەڕەتیی یوونس ئەوەیە وادەزانێت ئاڵۆزکردنی ئیماژ بەو شێوەیەی ئەو کردوویەتی، دەرەنجامی هەبوونی زەینێکی فراوانە. لە ڕاستیدا وا نییە. ئەو کارە وشەلەوشەدانێکی نائەدەبییە کە منداڵێکیش دەتوانێت بیکات.

ئەگەر بمانەوێت ئیماژ دروست بکەین و لە هیچ شتی پێوە بلکێنین، کارێکی دژوارمان بۆ کردن نییە. کارێکی سادەیە. قامووسێک وشە هەیە؛ لێکیان دەدەیت و پێکیانەوە دەلکێنیت. دێڕی شەشەم و حەفتەمیش هەر درێژەی ئیماژە ئاڵۆزەکانن و هیچ شتێکیان تێدا نییە باسی بکەین.

لە کۆی حەوت خشتەی یەکەم، شتێکی تر هەیە پێویست بکات ئاماژەی پێ بدەم؛ بڕێکجار شاعیر بەپێی هاووێنە(قرینە)یەک کە هەیە بڕێک پاژ دووبارە ناکاتەوە و دەیان قرتێنێت. بۆ نموونە کە دەڵێت:

من شان بە شانی کازیوە ئاسۆم

لە دواییدا "من" ناهێنێت و دەڵێت:

پێ بە پێی میوە تا گەیشتن.

یان هەر لەوێدا "ئاسۆم" دووبارە ناکاتەوە. ئەم کارە هێندەی تر ئیماژەکان بێمانا دەکات.

لە سەرەوەدا ئەگەر شاعیر دەقەکەی دەخستە بەر دەستی خوێنەر و داوای دەکرد وێنای بکات، لێرەدا خوێنەر تەنانەت دەبێت دەقەکەش بنووسێتەوە. دواتر وێنای بکات. بۆ نموونە خشتەی یەکەم پێویستی بە زیادکردن نییە هەر ئەمەیە "ئەگەر پێکەنین یانی ئەو شیعرەی سڵاو بە تۆدا دەچێنێ"؛ خوێنەر خۆی زەحمەت دەدات وێنای بکات. بەڵام کە دەڵێت "پێ بە پێی میوە تا گەیشتن". خوێنەر دەبێت سەرەتا بە زەحمەت بیکات بە "من پێ بە پێی میوە تا گەیشتن ئاسۆم". ئەوجا وێنای بکات.

ڕەنگە یەکێک بڵێت ئەوە هونەری شاعیرە دەقەکەی بە جۆرێک نووسیوە خوێنەر تێیدا چالاکتر بێت. دەبێت بڵێم لە ڕاستیدا ئەوە هێندەی تر خوێنەر وەڕەز دەکات، چون خوێنەر دوای نووسینەوە، بڕیار نییە بڕگەیەکی چێژبەخشی دەست بکەوێت. بڕیارە شتێکی ئاسایی وێنا بکات. تەماشای ئەم دێڕە بکەن:

لە پاش تەمەنێ تێکۆشان

کەم کەم بۆت مەعلووم دەبێ

ئێمەمانان ئازادیمان

نە دەست دەکەوێت، نە پێ

لەم دێڕەشدا قرتاندن بە یارمەتی هاووێنە بوونی هەیە. شاعیر "نە ئازادیمان دەست دەکەوێت" و "نە ئازادیمان پێ دەکەوێت"ی تێکەڵ کردووە و لەم ڕێگەوە بە کورتبڕی شیعرەکەی نووسیوە. خوێنەر دوای خوێندنەوە گتێک دەکات تا بڕگەی "نە پێ" لە زەینیدا لەود دەبێت، کە لەود بوو یەکسەر جوانی و چێژی شیعرەکەی پێ دەگات. بەڵام لەوەی "ی.ڕ"دا کە قرتاوەکان بخەیتەوە جێی خۆیان، تازە دەبێت ئیماژێکی ئاڵۆزتری یوونسی وێنا بکەیت کە بێجگە بێزاری هیچت تێدا دروست ناکات.

لە خوارەوەدا خشتەی هەشتەم تا یازدەهەم دەبینن:

ئەگینا

ئەم هەموو ئاسۆیە کوا هێندەی میوەیەک ڕوون

ئەم گشتە میوەیە کوا چەشنی درەختێکی کاڵ

ئەم تێکڕای مەمکانە و

ئیماژەکانی ئەم بڕگەیە هێندەی ئەوانەی سەرەوە ئاڵۆز نین و لە چاو ئەواندا پاژیان کەمترە، بەڵام وەک ئەوانی تر جوانییەکی ئەوتۆیان نییە و لە مێشکی خوێنەردا نامێننەوە. دەتوانن ئەو دوو بەندەی سەرەتا واتە لە خشتەی یەکەم تا یازدەهەم بەسەریەکەوە بخوێننەوە و بزانن مانایەکتان دەست دەکەوێت؟ بزانن؛ کاتێک شاعیر لە سەرەتای بەندی دووهەمدا دەڵێت "ئەگینا" ئێوە تێ دەگەن و دەزانن بۆچی دەڵێت ئەگینا؟ کە وەڵامەکەتان نەخێر بوو، بزانن بڕیار نییە ئەو شیعرە وەک کۆیەک مانایەک بە دەستەوە بدات. جوانی ئەگەر هەبێت، دەبێت لە خشتە و دێڕ و

بەندەکانیــدا بێــت؛ واتە ئەو چــوار دێــڕەی بەنــدی دووهەم دەبێــت بــۆ خۆیــان جــوان و شــیعر بــن؛ تەنــانەت ئەگەر وەک پاژێــک دەرمانهێنــا دەبێــت چــێژ ببەخشــن. هەرچــۆن شیعرێکی کورتی چوار خشتەیی چێژ دەبەخشێت .

دەگەین بە خشتەی دوانزدەهەم تا حەڤدەهەم:

کوا من

من(کاڵترین ئاسۆی ماچێک دەچێژم)

سڵاو ... کە ئەوەی پێکەنینی ئاسۆیە

شان بە شانی میوە لە گەیشتنا... کاڵ

...کە ئەوەی ماچێکە بە پێی گریان

پێ بە پێی دار لە بەهارا گەیشتوو

لە خشــتەی ســیازدەهەمدا "کــاڵترین ئاســۆی ماچێــک دەچــێژم" خــراوەتە نــاو کەوان. ئەو لەنــاو کەوان خــراوە، نمــوونەی ئیمــاژی ئــاڵۆز و بێخاســییەتە کە زۆربەی شــیعری یــوونس لەو بــابەتە پێــک هــاتووە. ئەو کــارە شــاعیر کــردوویە "وشەلەوشــەدان"ە. خــوێنەریش دەتوانێت ئەو کارە بکات. پێویست بەوە ناکات کاک یوونس ئەو کارەی بۆ بکات.

ســەرنج بــدەن ئەگەر بیشی۔ گوتبــا "مزرتــرین ئاســۆی چــرپەیەک بــۆن دەکەم" هــیچ فەرقی نەدەکــرد. مــن وشــەی "ئاســۆ"م دووبــارە کــردەوە کە بڵــێم ڕەهــبەری مەحمــوودزادە و ئەوانی تــر کە خوێنــدنەوەیان بــۆ شــیعری "ی.ڕ"یــان کــردووە، دڵیــان بەوە خۆشــە وشــەکان لە شــیعری "ی.ڕ"دا دووبــارە و دەبــارە و هەزاربــارە دەبــنەوە. بــۆ نمــوونە هەر لەو خشــتانەی شــیعرەکەدا کە تــا ئێســتا بینیمــان، وشــەی "میــوە" و "ئاســۆ" و "شــان بە شان" و "پێ بە پێ" چەندین بار دووبارە بوونەتەوە.

وەک وتمــان شــیعرەکە پــێی ناکرێــت مانــایەک بگــوێزێتەوە. دەبێــت دڵی بە ئیماژەکــانی خــۆش بێــت. دەپرســم بــۆ شــیعرێکی وا باشــتر نیــیە وشــەکان دووبــارە نەبــنەوە؟ ئەگەر

وشەکان نوێ بن، خوێنەر کەمتر دڵی نایەتەوە؟ گەلۆ ئەگەر وشەکان دووبارەکراو نەبن، شاعیر پێی ناکرێت ئیماژی جوانتر و جیاوازتر دروست بکات؟

من ناچمە دونیای قسەکانی ڕەهبەری مەحموودزادە کە ئەمە وێنەی قەبارەدار و جووڵەدارە و لەو شتانە. ناچمە ئەو دنیایەوە چوون لە بنەڕەتدا ئەو قسانە بێبنەمان. ڕەنگە خوێنەر قسەکانی کاک ڕەهبەری نەخوێندبێتەوە. با کەمێک باسی بکەم.

تەماشای ئەم خشتانە بکەن :

من شان بە شانی کازیوە ئاسۆم – ٢

ئەم هەموو ئاسۆیە کوا هێندەی میوەیەک ڕوون – ٩

من(من کاڵترین ئاسۆی ماچێک دەچێژم) - ١٣

سڵاو... کە ئەوەی پێکەنینی ئاسۆیە – ١٤

میوەیەک ئاسۆی ماچی ئاورین و - ١٨

تۆ باخی کام ئاسۆ بەر دەگری لە گلێنەی سەوزدا – شین – ٢١

لە هەر شەشیاندا وشەی "ئاسۆ" هاتووە. کاک ڕەهبەر وای دادەنێت ئەمانە لە بنەڕەتدا یەک وێنەن و هەرکام لەو دێڕانە ڕەهەندێکی ئەو ئیماژەن. دیارە ئەم قسەیە هەڵەیە. وشەی ئاسۆ لە هەرکام لەو خشتانەدا بەشداریی کردووە و ئیماژێکی جیاوازی دروست کردووە. ناکرێت ئەو خشتانە بە یەک وێنە بزانرێن. ئەگەر ویستتان سەبارەت بە بۆچوونەکانی ڕەهبەری مەحموودزادە وردتر بزانن، سەیری وتاری "وشە هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە"، بکەن. بزانن لەو قسانەی کاک ڕەهبەر دەیانکات، هیچتان دەست دەکەوێت؟

بەشێکی تر لە شیعرەکەی "ی.ڕ" دەهێنین:

میوەیەک ئاسۆی ماچی ئاورین و

تۆ گەیشتن دەپەیڤی

میوەیەک درەختی ڕوونی ئەگینا سبەینێ و

تۆ باخی کام ئاسۆ بەر دەگری لە گلێنەی سەوزدا – شین –

تۆ مۆسیقای کام با حینجە دەکەی

لە لەپی خوێناوی بەفردا – گەرم –

تۆ

کەی بەم وڵاتەدا کاڵ دەبێ

کە من درەخت

کە من پیرتر.

تـا بۆتـان دەکرێـت بە زۆر و سـەختی ئەو ئیمـاژە ئـاڵۆزانە وێنـا بـکەن. ئیماژەکـان هێنـدەیان پێـوە لکێنـدراوە؛ هـیچ زەینێـک توانـایی وێناکردنیـانی نیـیە. سـەرنجی "تـۆ مۆسـیقای کام بـا حیـنجە دەکەی" یـان " لە لەپی خوێنـاوی بەفـردا –گەرم- " بـدەن؛ چـۆن وێنـا دەکـرێن؟ ئەو بڕگانە بۆ وێناکردن دەست دەدن؟ ئەوە خۆ بیرفراوان نیشاندانێکی خەشیمانەیە.

ئەگەر شـاعیر وادەزانێـت تەنیـا ئەو پـێی دەکرێـت لەو ئیمـاژانە دروسـت بکـات، بـا بێـت تـا فەردەیەک ئیماژی وای بۆ دروست بکەم. سەیر بکەن:

ئێوارەی سێوێک چێشتەنگاوی چوارشەمان بوو

کە هەڵمێک هەڵئەنووت لە تەنانەت

کە زەڵمێک هەڵئەنووست بە سپێدەدا

لنگەفرتەی لالەنگییەک مزر بوو

لە باخەڵی شەودا

لە سەرەوژووری ئێوارەدا

دەمەڕوو کەوتبوو ئاسمانێک

لە داخی تفی تریفەیەکی تەڕ

ئەو چەنـد دانەیەم لـێرە هێنـا. لە کۆتـایی وتارەکەشـدا بڕێـک لەو ئیمـاژانە دەهێـنم. سـەرنج بـدەن ئەو ئیمـاژانەی کە کاریـان تێـدایە وێناکردنیـان و بەشـوێنداچوونیان ئاسـانتر و سـوودگەیەنترە. بـۆ نمـوونە وێنـاکردنی "میـوەیەک ئاسـۆی مـاچی ئـاورین" کە لێکـدانی ڕووت و بێ ئامـانجی چـوار وشـەیە سـەخترە لە "تـۆ بـاخی کـام ئاسـۆ بەر دەگـری لە گلێـنەی سـەوزدا –شـین-". لەمەوە دەمەوێـت بڵـێم، ئەو بەشـە لە شـیعرەکان کە لەو ئیمـاژانەی تێـدایە، لەبەر ئەوەی بـۆ خـوێنەر وێنـا ناکرێـت، چـاوەڕوانیی هـیچ چـێژ و جـوانییەکی لێ ناکرێـت. باشـتر وایە ئەوانە وەک بـار بەسـەر شـیعرەکەوە سـەیر بکـرێن. مـن پـێم وایە وێنـا نـاکرێن بـۆ ئەوانە کەمە؛ دەبێـت بڵـێم خـوێنەر تەنـانەت ناتوانێـت بە دوای ئەو ئیماژانەدا بچێت.

سـەبارەت بە جـۆرێکی تریـان؛ ئەوانەی کاریـان تێـدایە وەک "تـۆ مۆسـیقای کـام بـا حیـنجە دەکەی"، لەگەڵ ئەوەی ئەمـــانەش هەر دەرەنجـــامی وشەلەوشـــەدانن، بەڵام دەکرێـــت وێنا بکرێن. بۆیە خوێنەر ئەگەر چێژیش نەبینێت، لانیکەم زەجر ناکێشێت.

ئەو ئیماژانـە مـن دەخەنەوە بـیری ئیماژەکـانی خەشخاشـی کاشـانی (سـوهراب سـپێهری). هەڵـبەت هێشـتا ماویـانە بـگەنە ئاسـتی ئەو ئیمـاژانە. هێشـتا لە چـاو ئەو ئیمـاژانەدا وێناکردنیـان دژوارە. لە خـوارەوەدا نموونەگەلێـک لەو ئیمـاژانە لە شـیعری "مسـافر"ی سوهراب سپێهری دەهێنم :

و امتداد مرا تا مساحت تر لیوان

پر از سطوح عطش کن.

کجا حیاط به اندازه‌ی شکستن یک ظرف

دقیق خواهد شد.

و راز رشد پنیرک را

حرارت دهن اسب ذوب خواهد کرد.

و در تراکم زیبای دستها، یک روز

صدای چیدن یک خوشه را به گوش شنیدیم.

کجا هراس تماشا لطیف خواهد شد

ناپدید تر از راه یک پرنده به مرگ.

و در مکالمه‌ی جسم ها مسیر سپیدار

چقدر روشن بود!

مرا به وسعت تشکیل برگ ها ببرید.

مرا به کودکی شور آبها برسانید.

و کفش های مرا تا تکامل انگور

پر از تحرک زیبایی خضوع کنید.

دقیقه های مرا تا کبوتر های مکرر

در آسمان سپید غریزه اوج دهید.

و اتفاق وجود مرا کنار درخت بدل کنید

به یک ارتباط گم شده‌ی پاک.

و در تنفس تنهایی

دریچه های شعور مرا به هم بزنید.

مرا به خلوت ابعاد زندگی ببرید.

حضور هیچ ملایم را به من نشان بدهید.

لە بڕێک لەو ئیمـاژانەی سـوهراب سـپێهریدا گونجانێـک لە نێـوان دوو وشـەدا هەیە کە وێنـاکردنی بـۆ خـوێنەر ئاسـانتر دەکـات. بـۆ نمـوونە لە ئیمـاژی "در تـنفس تنهـایی دریچەهـای شـعور مـرا بهـم بزنیـد"دا، ئەو پەیوەنـدییەی لە نێـوان "تـنفس" و "دریـچە"دا هەیە تا ڕادەیەک وێناکردن یان باشترە بڵێم شوێنکەوتنی ئاسانتر دەکات.

هەروەهـا ئەو پەیوەنـدییە لە نێـوان "کبـوتران" و "آسـمان" و "اوج دهیـد"دا لە ئیمـاژی "دەقـیقە هـای مـرا تـا کبـوتران مکـرر در آسـمان سـپید غریـزە اوج دهیـد"، دەبیـنن. ئەو نموونـانەی لە سـوهراب سـپێهری هێنـامەوە؛ ئەو دەرفەتە بە خـوێنەر دەدەن، بڕێـک ئیمـاژی تـر ببینێـت و لەگەڵ ئیماژەکـانی "ی.ڕ"دا بەراوردیـان بکـات. هەروەهـا خـوێنەر دەتوانێـت لەگەڵ ئیماژەکـانی شـاملوو کە دواتـر دەیـانهێنم و لەگەڵ ئەو ئیمـاژانەی کە لە فایلی تایبەت بە ئیماژدا دێن بەراوردیان بکات.

لـێرەدا ڕەنـگە لە ڕووی لێنەزانیـنەوە بڕێـک ئـاڵۆزی ئیماژێـک ببەسـتنەوە بە هونەرمەنـدی و شـاعیری بنووسـەکەیەوە. ئەمە دروسـت نیـیە. وەک وتـم ئەم ئیمـاژانە تەنیـا وشەلەوشـدانن. دەرەنجـامی هـیچ وردبیـنی و وردبـوونەوەیەک نـین. هەرکەسـێک ئەو کارەی پێ دەکرێت.

لە درێـژەدا بڕێـک ئیمـاژی بە زۆر ئـاڵۆزکراوی "ی.ڕ" لەو شـیعرەی بەردەسـتمان هەڵـدەبژێرم و لەگەڵ بڕێـک ئیمـاژی ئاکـام کەوسـەری لە کتێـبی "هەینییەکـانم لە چـاوی قالاوێکـدا قاویـا" بەراوردیـان دەکەم. بـۆ ئەوەی خـوێنەر بزانێـت وشەلەوشـەدان هـیچ هـونەرێکی تێـدا نیـیە. هێنـدە کە یـوونس دەتوانێـت وشەلەوشـە بـدات، ئاکـامی کەوسەریش دەتوانێت.

ئاکام کەوسەری دەڵێت:

بژەنە بە دەمارەکانما شیوەنێ

کە ئاڵۆزترم لە ئاوازی فەرامۆشی و

سێ هێندەی نۆتەکانت خێراتر

مردن ئەژیم.

یوونس ڕەزایی دەڵێت:

ئەگەر کازێوە عەشقی ئاسۆیەک لە چاوە کاڵەکانت بباریێ

کوا من تا سەروەری میوەیەک لە باڵاتا ماندووم.

دەپرسـم؛ ئەگەر ناوەکـان بگـۆڕین ئێـوەی خـوێنەر هەسـت بە گـۆڕان دەکەن؟ ئێـوەی خـوێنەر هەرگـیز نـاتوانن شـیعری یـوونس و ئاکـام لێـک بـکەنەوە. چـون هەرتکیـان دەرەنجـامی وشەلەوشـەدانن. وشەلەوشـەدانیش بەنـزیکەیی یەک دەرەنجـامی لێ دەکەوێتەوە.

لە درێـژەدا نـاوی شـاعیرەکە نانووسـم بـا خۆتـان بـیر بـکەنەوە کە ئەمە ئیمـاژی دروستکراوی کامیانە(ئاکام یان یوونس).

*تۆ میوەی درەختی قەراغی باران و شەو دەژی.

*ڕاڕەوەکانی دڵتەنگی

شیمانەی ئەگەرێکی نەزۆک بن.

کە دوور دوور غوربەتیان لێ دەباریێ.

*چامەیەک لە منەوە عەودالتر لە پیتەکانی

تا بێدەنگیت خاڵییە لە هیچ.

*تێکڕای خاچ تاریکە دەستم

لە تابلۆی ڕژاوی شارەکان.

*ئەی سەروەری ماندووی کازیوەم شەو بە شەو .

کوا لەسەر ڕەوەزێک بە زمانی تینووی ئاسۆ هەتاوین.

*غەریبی شاعیریش خەنجەرە و تەنیایی لە چاوی مندا چاوی تۆ دەترەکێ.

**(٢)**

لە کۆتایی وتاری "وشە هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە"دا دکتۆر ڕەهبەری مەحموودزادە دەڵێت: "ئەگەر بمانەوێت چەن وێنە لە ناو شیعرەکانی یوونس-دا بخەینە پاڵ ئەو وێنانەی ڕوئیایی، بۆ دۆزینەوەیان تووشی زەحمەت نابین:

دڕکەزاری ئەندێشەیەک لەچاومدا

بەخشیومە شیناوەردی شیعرێک بە وشە

بە ڕازی دەنگتدا زمانم دەدرەوشێ

وشە هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە.

ئەگەر لەوە نەترساباین وتارەکەمان وەکوو لیستکردنێکی ناداهێنەرانەی نموونەی شیعرەکانی لێ بێت، بۆمان هەبوو بو چەند لاپەڕە لەم وێنە بەدیعانە بە دوای یەکدا ڕیز بکەین. وێنەی وەک:

قژت ڕەشترین بیرەوەریی پەنجەمە."

ئەوەی خوێندتانەوە بۆچوونی ڕەهبەری مەحموودزادە بوو. بەمەوە دەست پێ دەکەم کە ئیماژی "قژت ڕەشترین بیرەوەریی پنجەمە"، ئیماژێکی جوانە. دەپرسم ئاخۆ؛ کتێبی "منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان" بەو جۆرە ڕەهبەر دەڵێت؛ پڕە لە ئیماژی جوانی وەها؟ وەڵام نەخێرە. ئەو ئیماژە وەک نموونەیەکی بێجگە و بەدەر لە نۆرمی کتێبەکە، جوانە. بەڵام ئیماژەکانی تر زۆرینەیان وشەلەوشەدانێکی سادە و بێتامن و هیچ جوانییەکیان نییە. دەبێت سەرنجی ئەوەش بدەین ئیماژگەلی "قژت ڕەشترین بیرەوەریی پەنجەمە" و "وشە هەڵگری ڕەساڵەتی تریفە" لەبەر ئەوەی بە هەمگەیەک ئیماژی قوڕ دەور دراون، خوێنەر لە خوێندنەوەی شیعرەکەدا ئەگەری زۆرە هەر نەیخوێنێتەوە یان ئەگەر خوێندییەوە بە بێزارییەوە زوو تێی پەڕێنێت و لەسەری نەوەستێ و وێنای نەکات.

ئیماژی جوان کاتێک دەردەکەوێت و بایەخ پەیدا دەکات کە بە ئیماژی سووک و بێمانا دەوری نەگیرابێت. وەک ئیماژەکانی ئەحمەدی شاملوو کە هەر دانەیەکیان تا ماوەیەک لە بیری خوێنەردا دەمێنێتەوە. لەوە بترازێت شتێکی تر کە دەبێتە هۆی نرخ پەیداکردنی ئیماژ، ئەو هەماهەنگی و سازانەیە لەگەڵ پاژەکانی تری شیعرەکەدا هەیەتی. بۆ ئەم بابەتیشە ئیماژەکانی ئەحمەدی شاملوو نموونەگەلێکن کە دەتوانن خوێنەر قاییل بکەن.

شیعرێک کە لە کەڵەکەکردنی ئیماژگەلێک دروست بووبێت کە دروستبوونی خودی ئیماژەکان دەرەنجامی لێکدانی وشە بێت، ئەگەر ئیماژێکی جوانیشی ـ تێ بکەوێت ـ کە ئەگەری هەیە تێی بکەوێت ـ بایەخی نابێت. تەنیا ئیماژێک کە بە بەئاگایانە و بە مەبەستی گواستنەوەی بابەتێک لە تەک پاژەکانی تری شیعردا هەماهەنگ کراوە، دەتوانێت چێژ بە خوێنەر ببەخشێت. بەدەر لەم حاڵەتە مەگەر وەک ئەوکارەی کاک ڕەهبەر بۆ ئەو دوو ئیماژەی ئاماژەم پێدا کردوویە؛ ئەو ئیماژانە لە شیعرەکە دەربهێنرێن و بە تەنیا نیشان بدرێن تا بکرێت جوانییەکەیان ببینرێت.

وتارەکەمــان هەر ســەلماندنی ئەو حــوکمەی ســەرەوەمانە. بــڕگەگەلێکی تــر لە شــیعرەکە دەخەیــنە بەر دەســتی خــوێنەر تــا خــوێنەر بزانێــت؛ کاتێــک ڕەهــبەر دەڵێــت دەکــرا چەنــد لاپەڕە ئیمــاژی وەک "پرچــت ڕەشــترین بــیرەوەریی پەنــجەمە" ڕیــز بکەیــن، ڕاســت دەکــات یان نا.

تا خشتەی ٢٧مان تاوتوێمان کردبوو. ئەمەش خشتەی ٢٨ تا ٣٢:

ئەگەر کازیوە عەشقی ئاسۆیەک لە چاوە کاڵەکانت بباریێ

کوا من تا سەروەری میوەیەک لە باڵاتا ماندووم

تا بارانێکی ماندوو بە وڵاتی سبەینێدا

شان بە شانم ڕوون.

دەپرســم کــام لەو ئیمــاژانە جــوانن؟ بــێجگە وشەلەوشــەدان شــتێکی تــرن؟ دەبیــنن لە خشــتەی شەشــەمدا وشــەی "کــازیوە" و "عەشــق" و "دڵ" و "چــاو" و "کــاڵ" و "بــارین" لێکــدراون. ئەوکــارە حــودی خــوێنەریش دەتوانێــت بە شــەش وشــەی تــر بیکــات. ئەگەر کــاری شــاعیر تەنیــا وشەلەوشــەدانە؛ فەرقی شــاعیر و خەڵــکی ئاســایی چیــیە؟ ڕێی ئەوەش نیــیە بڵێــین دەی ئەو ئیمــاژانە پەیوەنــدییان پــێکەوە هەیە. چــون ئەگەر پەیوەنــدی تەنیــا دووبــارەکردنەوەیە خــوێنەریش دەتوانێــت تەنیــا بە چەنــد وشــە چەنــدین ئیمــاژی ئــاڵۆزی بێقــافیە دروســت بکــات. دووهەم؛ گوتمــان ئەو دەقەی کە زۆرتــر لە ئیمــاژی ئــاڵۆز پێــک هــاتووە، پــێی ناکرێــت مانــایەک بگــوێزێتەوە. کاتێــک مانــایەک نەگــوێزێتەوە؛ بــوونی پەیوەندیی نێوان پاژەکان هیچ سوودێکی نییە و تەنیا دووبارەکردنەوەی وشەیە.

ئەمەش بخەمەســەری؛ ئــێمە چەنــدین وتارمــان لە لایەنگــرانی شــیعری کــاک یــوونس خوێنــدووەتەوە. ئێســتا دەزانــین ئەوان پێیــان نەکــرا پەیوەنــدییەک لە نێــوان پاژەکانــدا

بـدۆزنەوە کە جـوانی و چـێژی هەبێـت. وتارەکـانی عـادڵ قـادری و ڕەهـبەر مەحمـوودزادە وەبیر بهێننەوە. بێجگە لە باسی دووبارەبوونەوەی وشە شتێکان تێدا نەبوو.

لە خوارەوەدا خشتەی ٣٣ تا ٥١ی شیعرەکەی یوونس ببینن:

ئەگەر من لە تۆدا گریانی کازیوە

(شەو دەبم)

بێ ماچی ئەو شیعرەی دەمچێنێ

لە ئێستا و زەماندا

(ڕۆژ دەبی)

بە تێکڕای ئەوینی سبەینێی گەیشتن

لە دوێنێ و بۆسۆدا .

تۆ میوەی درەختی قەراغی باران و شەو دەژی

بۆ کەسەی حەوت برای بە جامیلکە و جامیلکەی ئاسۆوە

(دارە بەن)

بۆو عیشقەی حەوت کەڵی بە گۆمیلکە ... گۆمیلکەی شەوەوە

هەڵدێراوە

ئەو دەبم ...

هەتاکوو سیپانی ماندوویەک بێقەرار

دەمکێڵی بە تەنیا

تەنیایی حەوت کەسی خوێناوی ئاسۆیەک

به بێ ڕووناکایی و

به بێ ژن

له من دا دەبارێ.

لەو بـڕگەیەدا بـێجگە کۆمەڵێـک ئیمـاژی بێجـوانی؛ مـن و تـۆیەک هەیە و "شـەو دەبـم" و "ڕۆژ دەبی"یەک و چەنـــــدین دووبــــارەکردنەوەی "دا"، وەک لە "تــــۆدا"، "زمانـــــدا"، "بۆسۆدا". هەروەها دووبارەکردنەوەی "بۆوە"یەکیش.

لەمە زیـاتر پێویسـت ناکـا نمـوونەی شـیعری یـوونس بهێنیـنەوە. شـیعری یـوونس زۆریـنەی وەک ئەوەیە تاوتوێمـان کـرد. لـێرەدا بەشـێک دەکەیـنەوە و چەنـدین نمـوونەی جـوانی ئیمـاژ لە ئەحـمەدی شـاملوو دەهێنـین. خـوێنەر ئەم ئیمـاژانە لەگەڵ ئیماژەکـانی یـوونس بەراورد بکات.

بالابلند !

بر جلوخانِ منظرم

چون گردشِ اطلسیِ ابر

قدم بردار .

از هجومِ پرندەی بی‌پناهی

چون به خانه بازآیم

پیش از آن که در بگشایم

بر تختگاهِ ایوان

جلوەیی کن

با رُخساری که باران و زمزمه است .

چنان کن که مجالی آنَدَگک را درخور است،

که تبردارِ واقعه را

دیگر

دستِ خسته

به فرمان

نیست .

ئەم بـڕگەیەی سـەرەوە چەنـد ئیمـاژی جـوانی تێـدایە. ناوازەکانیـان بـۆ مـن دوو دانەیـانن. یەکەمیـان "هجـوم پرنـدەی بی پنـاهی"یە. ئەوەی لەم ئیمـاژە جـوانە بە زەیـنی مـن دەگـات، تێکەڵبـوونی دوو نیگـارن کە پـێکەوە ئیماژێـک دروسـت دەکەن. یەکەمیـان پۆلێـک چـۆلەکەن لە ناکـاو بەیەکەوە دەفـڕن. هەمـوو ئەو وێـنە و نیگارەمـان بینیـوە. دووهەمیـان پیـاوێکە کە بـێزارە لە خەڵـک و پەلەیەتی زوو بگـاتەوە مـاڵ. ئەم دوو وێـنە دەنیشنە سەر یەک و ئیمازی جوانی "هجوم پرندەی بی پناهی" دروست دەکەن.

ئیمـاژێکیتر کە لەو شـیعرەدا هەیە و بڕێـک گووندییانەیشـە ئیمـاژی "تـبردار واقـعە"یە. لـێرەدا قەزا و چـارەنووس بە کەسـێک چوێنـدراوە کە تەور دەوەشـێنێت. ئەگەر تەورت وەشـاندبێت دەزانی؛ دوای مـاوەیەک تەوروەشـاندن باسـک و بـاهۆت شـەکەت دەبـن. کە وات لێ هـات؛ هەرچی تەور دەوەشـێنی، تەورەکە دەناکـاتە ئەو شـوێنەی مەبەسـتتە. دەدەکاتە شـوێنێکی بـانتر یـان خـوارتر. یـان ڕەنـگە دەکـاتە قـوول و قـاچی خـودی کەسـەکە. ئەمەیە شـاملوو "واقـعە" یـان قەزا و قەدەر و مەرگ بە کەسـێک دەچووێنێـت تەوری وەشـاندن بێـت و شـەکەت بێـت. دەڵێـت هەردەم ئەگەری ئەوە هەیە تەوری مەرگ لێمان بدات.

ئیمـاژێکی تـر کە لەو بـڕگەیەدا هەیە، بەڵام وا نیـیە بڵـێی فـرە جـوانە، ئیمـاژی "چـون گـردش اطلسیـ ابـر قـدم بـردار"ە. لەم ئیمـاژەدا لەنـجە و ڕێـوەڕپنی کەسـێک بە خولخـواردنی هەور چوێندراوە.

فریاد کردم :

"ای مسافر !

با من از آن زنجیریانِ بخت که چنان سهمناک دوست می‌داشتم

این‌مایه ستیزه چرا رفت؟

با ایشان چه می‌بایدم کرد؟ "

"-بر ایشان مگیر "!

چنین گفت و چنین کردم .

لایه‌ی تیره فرونشست

آبگیرِ کدر

صافی شد

و سنگریزه‌های زمزمه

در ژرفای زلال

درخشید

(شعر وصل).

لێرەدا بەشێکی درێژی ئەو شیعرەم هێنا تا ئیماژی جوانی " لایەی تیرە فرونشست/ آبگیرِ کدر / صافی شد/ و سنگریزەهای زمزمە / در ژرفای زلال / درخشید" باشتر دەر بکەوێت. لێرەدا دوو نیگار تێکەڵ دەبن و ئیماژێکی جوان دروست دەکەن؛ یەکەمیان گۆل یان هەسێرێکە کە لیَل بووە، دواتر لێڵییەکەی دەنیشێت و لە بنی هەسێرەکەدا وردەزیخ دەبریسکێنەوە. دووهەمیان وێنەی مرۆیەکی تووڕە و زویر بووە کە وردە وردە تووڕەیی و زوویرییەکەی لا دەچێت و ئارام دەبێتەوە، ئینجا لەبەرخۆیەوە دەست دەکات بە گرنگە و نارەنار. چواندنی کەسی تووڕە یان زویر بە ئاوی لێڵ بوو، شتێکی سەیر نییە، تەنانەت لە فارسیدا دەڵێن کابرا "مکدر شد" و بۆ ناڕاحەت بوون بە کاری

دەهێــنن. ئەمە واتــا ئەو ئیمــاژە تــا ئەوێ خــۆی خــوازەیەکی مــردووە. ئەوەی شــاملوو ئەنجــامی داوە، چوانــدنی "وریــنگە"یە بە درەوشــانەوەی وردەزیخەکــان لە بــنی هەسێرەکەدا.

ئەو زیــادکردنەی شــاملوو بەو خــوازە مــردووە؛ ئیمــاژێکی نــاوازەی دروســت کــردووە. ئەمەش نموونەیەکی تر لە شیعری شاملوو:

مرا پرندەیِ بدین دیار هدایت نکردە بود :

من خود از این تیرە خاک

رُستە بودم

چون پونەی خودرویِ

کە بیِدخالتِ جالیزبان

از رطوبتِ جوبارەیِ.

لەم بــڕگەیەدا مــن بەشــێکی کەمی شــیعرێکم هێنــاوە. شــاعیر بــاسی پەیوەنــدیی خــۆی و شــیعر دەکــات. دەڵێــت مــن وەک ئەو پــوونگەیەم لە قەراخی جۆگەلەیەکــدا دەڕوێــت. پــوونگە کە بێســتانەوان بــۆ شــینبوونی زەحــمەتی نەکێشــاوە. دەڵێــت کەس یــارمەتی مــنی نەداوە ببم بە شاعیر. ئەو چواندنە جوانە، ئیماژێکی جوانی لێ دەرچووە.

ئەمەش نموونەیەکی تر:

من ایستادە بودم

تا زمان

لنگ‌لنگان

از برابرم بگذرد،

و اکنون

در آستانه‌ی ظلمت

زمان به ریشخند ایستاده است

تا منش از برابر بگذرم

و در سیاهی فروشوم

به دریغ و حسرت چشم بر قفا دوخته

آنجا که تو ایستاده‌ای.

لەم کۆپلەیەدا تێپەڕینی خاوی کات بە ڕابردنی کەسێکی شەل چوێندراوە.

نه

تردیدی بر جای بِنمانده است

مگر قاطعیتِ وجودِ تو

کز سرانجامِ خویش

به تردیدم می‌افکند،

که تو آن جُرعه‌ی آبی

که غلامان

به کبوتران می‌نوشانند

از آن پیش‌تر

که خنجر

به گلوگاهِشان نهند.

سەرنجی ئیماژی جوانی "تو آن جرعەی آبی که به کبوتران می نوشانند" بدەن.

نه

این برف را

دیگر

سرِ بازایستادن نیست،

برفی که بر ابروی و به موی ما می‌نشیند

تا در آستانەی آیینه چنان در خویشتن نظر کنیم

که به وحشت

از بلندِ فریادوارِ گُداری

به اعماقِ مغاک

نظر بردوزی .

ئیماژە جوانەکەی ئەوەیە دەڵێت؛ کە لە ئاوێنەدا تەماشای خۆت دەکەی و هەست بە پیربوونت دەکەیت، ترسێک داتدەگرێت کە دەڵێی لە بەرزاییەوە تەماشای ناوی نوڕێک دەکەی. تازە هەر ئەو برگە ئیماژێکی جوانتری تێدایە ئەویش ئەوەیە کە نوڕی بە هاوار چواندووە.

شکوهی در جانم تنوره می‌کشد

گویی از پاک‌ترین هوای کوهستانی

لبالب

قدحی درکشیده‌ام .

در فرصتِ میانِ ستاره‌ها

شلنگ‌انداز

رقصی می‌کنم -

دیوانه

به تماشای من بیا !

"شکوهی در جانم تنوره می کشد" ئیماژێکی جوانە. دەڵێت شکۆیەک لە مندا خول دەخوات. ئەم بڕگەیە دەمخاتەوە بیری ئەم دێڕەی نالی :

گاهێ دەبێ بە ڕەوح و دەکەی باوەشێنی دڵ

گاهێ دەبێ بە دەم و دەدەمێنی دەمی غوروور.

وەک بەڵێنم بە خوێنەران دابوو لێرەدا بڕێکی ئێجگار زۆر ئیماژ دەهێنم کە لە ئەنجامی وشەلەوشەداندا دروست بوون. وشەلەوشەدانی ڕووت هێندە قۆڕ بوو بڕیارم دا زۆربەی کارەکە بە کێش و سەرواوە بنووسم. لە بڕگەیەکیشدا هەوڵم داوە بە چەند وشەی تایبەت چەند ئیماژ دروست بکەم. سەرنجی ئەو بەشە بدەن، لەبەر ئەوەی وەک لە وتارەکەدا ئاماژەم پێ داوە، بڕێک باسی دووبارەبوونەوەی وشە لە شیعری یوونسدا دەکەن و وەک خاڵی ئەرێنی تەماشای دەکەن. منیش ئەو بەشەم بە دووبارەکردنەوەی وشەگەلێکی دیاریکراو نووسی.

ئەمەش نموونەکان:

ڕەوە تەنیاییەکی زۆڵ لە هەتاوێکی شیندا مڕ کەوتبوو
کە شوانێک بە فیکەیەکەوە کاڵ دەبووەوە
کە شەمامەیەک لەم بەری کازیوەوە قاچی هەڵکردبوو .

لە سێبەری هەرزەکاریما، لە توێی شیری درەختێکدا خەوتبووم
لەو لامەوە باران بە کازیوەدا چنگەکڕەی بوو.

لەو شەوەدا بێقەرایی بە گیانی گەولاوێژەوە بە خلسکێنەوە هەڵدەزنا

ئەگەر بەهار بەرەوخوار سێبەرێک سوێر
ئەگەر هاوین بەرەوژوو دێبەرێک کوێر
هەر هەڕۆ بارانی چەقیو ئە چەقی چوارشەمە
هەر خەڕۆ یارانی بەزیو لە جەنگی جاڕەجۆ.

ها شاعیر بنووسە ئێوارەیەک بە تێکڕا تەنیا بوو
تا ئەو مانگە گێلیەکانی لە پاییزی پووشپەڕا مۆڵ دەدا.

دوو دز بە تاوێرێک شەویان لە ڕووناکی هەڵدەدێرا

کە من شەتاوێک لە پێڵوی خۆرنشینەوە دەنووستم

پێڵوی شەو بە تاوێری شەتاوێکا خۆرنشین بوو

دوو دز بە ساوێری هەتاوێکا خۆرنشین چوو .

بەیانی بە چرپەوە قیرپاندی سپێدە کوا؟

کە شەوێک سەری خۆی داگرت، بۆ کوێ بوا؟

بنووسە

باران هەتاوێک باشتر

جارەجۆ گەنمێک ئاشتر

خاوە خاو هەڵمێک هەڵدەنیشت بەرەو ئاسمان

لە ڕادیۆی خۆرا تیشک نەیکردووە باسمان .

کوا نامۆیەک ئامۆزای ئامێزی ئاوێزان

ڕاکشێت لە سەر کۆتایی و کەمتر

ڕاخشێت لە سەر مارایی و سەمتر

ماری تەنیایم پاچەقوولەی دەگرت لە خۆی

کە باوەشی با مردار سەری بڕی بوو بە چەقۆی .

ئەو ئەوسا ئەگەرێکی لیلک و لێڵی ڕوون دەکردەوە

ئەم ئەمسا مەگەری شەوەیەکی شەلی دەبردەوە .

لە پاڵی نیوەڕۆدا هەتاوێکی شەلیان بەستەوە

لە چاڵی "بەخوا"یەکدا شەراوێکی کەلیان خەستەوە.

ئەگەر هەناسەت بەرامەیەکی سستر

با بڕوا ئۆخەیەکی سوێر بە سی سێشەمەدا

چاوڕێم چن

دێمەوە لە وردەوردەی مانگێکی بێشەمەدا.

چوارشەمەیەکی سوور سۆرەی خوشکی هەتاوە

لێواری تەنیاییم، نغرۆی هەناسەی وشکی شەتاوە.

کوا ئەو قەیسیەی خەونی بە کچی مانگەوە دیبوو؟

لە باغی ئاوا مرۆری سۆزی سوێر چنیبوو .

لە نێزیکی پاییزێکا ڕووی ترش کردبوو لە هەنار

ئەو بڕوایەی هاوین هەڵدەهات لە دەستی بەهار .

له تورتی سۆزێکی خاوا بوەستن

له لێڵی دۆزێکی یاوا بمەستن

که من دەمێکه شەکەتی بۆچییەک دەژیم

که من دەمێکه قورسی بۆشییەک دەمرم.

شیعری جەنابت

دەستی به گونی شەوەزەنگ دەشوات

ڕەخنەی ڕەپی من

لێی گەڕێیەکی باوێشکاوی دەیخوات .

له تەنیادا ڕووخانتری له مانگ و جێگرەکەی

له بانگدا بەهارتری له نوێخواز و ڕێگرەکەی .

گەر هیلاکه شەوەزەنگی شەمەیەکی شەمامه

با بنووێت درزی دووری و تەنیایی ئەم حەمامه.

دە هەسته دوێنی دوور، بمێنێ لەو ترشەدا

به سەوزەوە دامەنیشه لەو گێلییه برشەدا .

لە پۆشایی سەری مانگدا، ئێوارەیەک خەوتووە

لە بۆشایی بەری بانگدا، قاڵدرمەیەک کەوتووە  .

کە چاوی پاییز، ترش و کاوڕ بوو

دڵی نینۆکم لە دوێنێ دەچوو  .

هەستن لە سێبەری شیعرا نزیکی بدوورنەوە

بۆ خاتری سەوز دڵی ڕەش بسوورنەوە  .

دوێنێ نازانێ لێواری ئێستام تەواو بەهارە

کە کوێری سێبەر لە خواری باشدا بۆچی هەنارە؟

هەی لەو نێرگسەی لە سوێندی سوورا خۆی ڕاچەنیبوو

حەی لەو دەروێشەی لەگەڵ کەفێکا چەنەچەنی بوو .

باوانی بەیبوون، بە دەم بەردەوە سووری بشێلن

پاوانی پاییز بە دەم نەردە چاوی بخێلن .

کە هەرگی هەتاو لە تاوی دوێنێ کاڵ دەبێتەوە

سۆزی سێشەمە لە کەشخەیی سێو بۆ ناچێتەوە؟

لەبەر "بە گشتی" تاکێتی تاقەت مەپرووکێنن

لەبەر سبەینێ لە ناو بیرکاری باش بدوێنن .

بە لەکوێ مەڵێ وەرزێکی خاکی چەند جوان دەناسێ

چوون "هەتائێستاش" بە سێبەری مانگ قسەی دەتاسێ.

سمێڵی سۆسەن، وەک تورتی سێبەر خەیاڵی خاوە

وڵمەی دوێنێمان لە بەر باشی با تا ئێستای ناوە .

خۆزگە ئەو ژوورە، سێو بینووسایە کە خوێی خۆش دەوێ

کێ وەک تەماتە وەها بە دشتی لە دەشت دەنەوێ؟

دەک باوانی با بە خورِ بگیرێ و وەک سوێری سەوز بێ

قەینا دەستی دوور وەک بەردی هەتاو پڕ لە وەنەوز بێ .

باشی بەیانان بە خاوی خۆزگە چارە ناکرێ

تەوونی کازیوە بە دوو شەمامە کرێی نادرێ.

هەتاوێکی کۆم هەرگیز ناتوانێ وەک دوانزە نێر بێ

ئەوەڵی سۆزگە بۆ بینینی سارد پێ دەچێ دێر بێ

تا سۆز نەقووپێ، گیا نارژێ

تا داخ نەخووسێ چیا نامژی.

گوێزکی نەوسن بە ئارەقی سوور دووی بیسمیل دەکرد

لە با بپرسە خاوی خوێڕێتی بۆچی سوور دەمرد .

ئاورێکی پەر بۆ ئەوە باشە مانگ بمەیەنێ

ماستی شەڕ بخۆن، هەڵمی سێشەمە هەڵدەوەرێنێ.

هەرگیز بە لالێو بارانی بەهار داسکەنە مەکەن

با شەمامەی سۆز لە قووڵی وەشتا خۆیان هەڵبخەن .

تاوان بەردانە، تورتی دەتاشێ

گاوان دەردانە ، کونکون دەپاشێ .

ئێتر شەکەتم لە لابەلاێ گیای خۆزگەتان

لەگەڵ خەست دەچم تا بەرپاساری چیای سۆزگەتان .

ڕێگەی ئەو ژووره ناکەوێتە خوار

وشکی ئەم عەسرە، وا نابێت بە سوار .

کەشی ئەو کەوشە وەک کا کۆنەیە

داهاتووی بەراز مۆنیی سۆنەیە.

پڕی لالوێچێ خۆری بۆ کردوو، هەستایە سەرپێ

دەسترێژی لێکرد بە ئانیشکی با سەرما دەسبەجێ .

رینگاڵی سێبەر لۆژەلۆژ کز بوو

بەردێکی خراپ بە پێدزکە چوو .

لە بەینی بادا قەسرێکی قسری ختووکە دابوو

لەبەر لەبەرچی سووری بۆشایی ئە ناو قوڕ نابوو .

کاڵترین مەستی بە هەشتێک بگرن

تاڵترین پەستی بە وەشتێک بمرن .

خۆزگە بە خۆتان، کونجانی شێتی هاوماڵی لافاو

داخی مەستی سۆز لە شاخی دوێنێ دەرنەچووە تەواو .

بارانێ بێنن دۆستی کازیوە، بۆنی بەی لێ بێ

لەبەر چاوی قورِ لەنجە بکات و هەرگیز هەڵنەچێ .

منیش وەک شەماڵ، بە ڕێنووسی بەرد قەد لار  ناخەوم

گەر چناری مۆن، پێ دانەکێشێ و لێڵ نەکا شەوم.

پاژێکی شلی ئاوێکی پژمن

لێل گێلی پووشپەڕ بووبوون بە دژمن

وتی بە هاوار شارێکی دڵپیس

خوو خەڵەتاوە گوڵی داوێن سیس

حاشا لەو یاڵەی ژەنگی هێناوە

حاشا لەو ماڵەی گوێبیسی تاوە

حاشا لە ئادەی شەڕانی و سەرکوێر

حاشا لە بادەی وڕکن و ڕەنگ سوێر

تووني دووشەمە بە دۆڵ ژێر نابێ

بۆ زبری و خاوی مانگ بە شیر نابێ

هەنجیر ناتوانێ دەرسی غار بدا

ڕەشیش ناتوانێ وەک بی غار بدا

ئیتر مەجاون کێڵگەی کەڵکەڵە

هەتا کوێرانە بەرد دەدات پەڵە

ئیتر مەنێژن دووری لابەلا

ئیتر مەپێژن سوێی هەلاهەلا

ئەوەی سێشەمەی بە گوڵ داغ دەکرد

لەبەر هاژەی دەرد سەرەوخوار دەمرد

ئەوەی شاخانە کۆڵەکۆڵی بوو

بە بوختانی بەرد حاڵی چۆڵی بوو .

وتمان مەوەستن شەمامەی تینوو

بە دیار باوێشکی کۆڵەکەی زینوو

وتمان مەخەون گورگەلی دوودڵ

تا بەردی بنار لە با دەکا سڵ

وتمان مەکۆکە ئەشکەوتی مللار

تا جوانی کیسەڵ دەگاتەوە شار

وتمان بنوارە سەربانی مزگەوت

بە دەم دەستەوە خۆزگە بوو دەکەوت.

بە دارەدارە بەردێک دەکەنی

مامۆسا ئاسا خوێیەک دەگەنی

برییایەکی سوور بریا بە خۆشی

شادی بوو گوڵێک دەکەوتە کۆشی

گریایەکی دوور گریا مۆرئاسا

تا لەولای خۆزگە هەتاوێ ڕاسا

قسەی قەلانجە سوێرە بۆکانی

لە کۆشاییدا حەزێک دەیرپوانی

داستانی بەردێ ڕۆژووی دەق دەکرد

چیوچیوکەران بوو، یایەک بوو بە پرد

شل شل خۆی دەنواند باشێکی هەراو

زل زل خۆی دەکەند بۆشێکی بەراو.

هەرزانی هەتاو بۆ با باش نییە

چوون کۆشێکی کاڵ بۆ دارەبییە

با وانەزانێ هەر ئەو دێردەسە

کاوێژی ئاسۆ بووە بەلەسە

نەیجەی پرسیارێک لە ماڵا بشکێ

پەیجەی هاوارێ کەلاوە بتکێ.

کۆشکێ پەنجەرەی هەتاوێ بڕوێ

سواڵی سوێڵ ناکات لە ئاوی گرۆێ

ئەوەی سوێرایی مانگێکی دیوە

ناچێتە داوای کچی کازیوە

لەگەڵ دێڕێکا شەڵاڵ بباره

با نەڵێن باشه بۆشی بێچاره.

ئاورێک بڕوا بەرەو وەستانێ

سۆزێک هەڵدەفرێت له ناو بێستانێ

کەڵ خۆی ناگرێ لەبەر ئاسۆی توند

با خۆی فش نەکات، له بەرچاوی کوند

بەڵام ناخویسێ به درۆی باران

بێخود دەیگرێ نینۆکی شاران.

بەردێکی بازوو بووه به ماوا

گوڵاڵه سووره دەدا به ئاوا

پینەی پاڵتۆیه جوێن دەجاوێ

به دەم سوورەوه له خوار هەتاوا

پۆرێکی دووری بێپەنا دەیگووت

بەهارێ مەست بوو خەزووری زاوا .

ئامێزی کۆمی داڵێکی پرچن

بڵێسەی کێوی هێنابوو له بن

خەیاڵی مانگی هەردەم بەگرمه

وەک پاڵی پاییز دایم نسرمە

ئێستایەک ئەوسا دەیگووت بە کاڵی

بۆ کەرێکی پووک گا نابێ حاڵی

تا گوڵ بەرەودوا دەردێک دەدوێنێ

شیعرێ ڕەقەڵە دێت خۆی دەنوێنێ

شیعری ڕەقەڵەی چوارپەل ئێوارە

گۆزینگی گتی لە دوور دیارە

هەورێکی چاری کوڵنجە ڕێ ڕێ

بە دارشەقەوە دەگەڕا دێ دێ

ئەگەر خەیاڵی شەمامە کوڵ بێ

نابێ دەریایێ نۆکەری گوڵ بێ

گەر سۆز بەردەباز بۆ گەنم دانێ

خۆزگە چۆن بشوات، بە تەنیا نانێ

بە دەریا بێژن خەیاڵی نەرم بێ

هەتا سۆز نەنووێ دەبێ گوڵ گەرم بێ

گوڵیش دانیشێ لە ڕێی تەنانەت

دەریا ناناسێ دووری کەڵەگەت.

بە حاڵ یەکشەمە دوێنێ ڕادەبرد

گوڵ بە پانەوە پشتی تێ دەکرد

که دەریای سیخن لە لای گوڵ سووکە

لووتەلان لە سۆز هەرچی گڵووکە

ئەوەی زانیبا سۆزی قوول قەوی

هەرگیز نەیدەگووت: گوڵ! مانگ نەوی

جینگنی دەریا هێشتا هەر باشە

باسی گوڵ و سۆز دەوەن بە ئاشە.

لاجانگی لووسی ئەستێرەی کەوە

کاوێژی کاڵی خەرمانەی خەوە

بەردێک نەنووسێ شۆخییەکی لۆچ

لە ترسی برسی بۆچی ناکا کۆچ

تا لە وەسەتی یانا نەوەستێ

کەری حەفتەیەک بە باش نابەستێ

پەردەیەکی پۆش زۆر زووزوو دەژی

پێش ئەویش گوڵێ چاوی دەڕەژی

بەهارێ بۆرم نەدیوە بە گوێ

کە هاژەی هەرمێ ناخورێ بێ خوێ .

دەرماڵێ گوێزی بە چرچ دەنۆشێ

باخێکی نێری هەرگیز دەدۆشێ

چاڵی چەناگەی چوارشەمە چەوتە

سەرینی سێبەر ئانیشکی حەوتە.